کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا  16-7-2007 19:35

**وەڵامێک بە هەڵوێستی خەلیل زادەی رەفیق سابیر!!! ... حەسەن سەید باقی**

بەرواری 5ی حوزەیرانی 2007 لەژمارە 415 ی هەفتەنامەی هەرێمدا، لەلاپەڕەی کاروباری سیاسیدا. بیرمەندێك ووتارێکی کورتی نووسیووە. بەڵام لەووشە گەلێکدا خۆی دەگرێتەوە، کە ئەوەی سیاسی بوونە تێیدا نییە، لەگەڵ ڕێزم بۆ نووسەر، پێموایە خەریکی بواری ئەدەبی بێت چێترە، نەك هەڵسەنگاندن و شرۆڤەیەکی سیاسی، سەرووتارەکەی بە (دەشێت) دەستپێدەکات، و لەهەموو دێڕێکیشدا (بۆچوونی من) دووبارە دەبێتەوە، هەڵوێستی خەلیل زاد، زادەی بیرو بەرژەوەندیەکانی ئەمریکایەو ئەو تەعبیر لە بۆچوونی ئەمریکا دەکات لە ناوچەکەدا، نەك هەڵوێستی شەخسی وە ئەم بیرمەندەش دەڵێت (بە بۆچوونی من نابێت وەك هەڵوێستی شەخسی تەماشای بکەیت.. ) ئەی بیرمەندی بەڕێز کێ بەشەخسی سەیری کردووە، یان لە ووتارێکی وا کورتدا چەند جار بە بۆچوونی من بەکار دەبەی وە زیاتر لە نیوەی لاپەڕەکە بە وێنەو سەردێڕ دراوە هەرچەند ئەوە تاوانی تۆ نییە. بەڵام گەورە کردنی د... پێویستە!!. کاتێك مرۆڤ خۆی لەکاروباری سیاسی هەڵقورتێنێ دەبێت خاوەند پاشخانێکی سیاسی و ئاگاداری گۆڕانکاریەکانی رۆژانە بێت. نابێت بەسەر پێی سەیر بکات، ببورە ئەوە بۆ گۆشە پڕکردنەوەیە یان لێکدانەوەی واقیعی.

دکتۆر دەڵێت (سەبارەت بەمەسەلەی کەرکووك و لە هەمانکاتیشدا دەشێت ئەم قسەیە بەو ئامانجە کرابێت تا بزانرێت ئایا رپاکشنی کورد، کاردانەوەی کورد بەرامبەر ئەم مەسەلەیە بزانرێت)، رپاکشن و هەڵوێستی کورد زۆر دەمێکە لای ئەوان ڕوون و ئاشکرایە قسەو باسی خۆیان هەیە، ئەگەر بەووردی (بیکەر ـ هاملتۆن) بخوێندبایەتەوە ئەو کات دەتزانی سیاسەت و بۆچوونی ئەمریکا چۆنە لەناوچەکەدا، نەك بۆچوونی بەڕێزتان. (ئەو قسەیەی زاڵمای خەلیل زاد خۆی پێچەوانەی دەستووری عێراقە لە هەمان کاتیشدا بێ بایەخکردنی رۆڵی حکومەتی عێراقە لەم مەسەلەیەدا)، کاکی بەڕێز ئەو حکومەتەی تۆ ئاماژەی پێ دەدەیت ئایا خاوەندی خۆیەتی تا خاوەند دەستوورو قسەی خۆی بێت، بایەخی پێبدرێت، کاتێك دەستوور باڵادەستە کە حکومەت سەربەخۆ بێت و داگیر نەکرابێت، وە کەسەکانی ناوی ئازادو سەربەستانە کردارو گووتاریان هەبێت. زۆربەی ئەوانەی بەشداربوون لە دەنگدان بۆ دەستوور ئەمڕۆ پاشگەز بوونەتەوە لە بەندەکانی بەخواستی هێز و لایەنە گومانلێکراوەکانی ناوچە.

دەڵێت (دەڵێم ئێمە بە بۆچوونی من بۆ ئەوەی کە هێزێکی نوێ بدەین بە جێبەجێکردنی ماددەی 140 ڕەنگە گەلی کوردستان پێویست بێت کە ئەزمەیەکی سیاسی لە حکومەتی عێراقدا دروست بکات)، ڕەنگەو گەلی کوردستان بەچ مەبەستێك بەکارهێنراوە لێرەدا، بۆ ڕەنگەو یەقین نییە!!، ئەمە توێژینەوەی سیاسەتمەداری کوردە بۆیە تا هەنووکە خاوەندی هیچ نیین جگە لە پێشگری د. نەبێت. ئەمە لەسۆزێکی دەروونی و هەڵچونێکی کاتی شاعیرانە بەولاوە هیچی تر نییە!! چاکتر بوو هۆنراوەیکی بهۆنیایەتەوە، نەك شێوە ووتارێکی ئاوها کە بە دەبێت و ڕەنگەو بیروبۆچوونی من تەواوی کردووە!!.

لە مەسەلەی کەرکووکدا ڕۆڵی سەرۆکی هەرێم و گەلی کوردستان ڕوون و ئاشکرایە دەربارەی ماددەی 140، دیارە بەڕێزیان خوێندنەوەیان نییە بۆ ڕووداوەکان لەکات و ساتی خۆیدا، نازانێت یان دەیەوێت خۆی لە هەڵوێستی سەرۆکی هەرێم و حکومەت گێل بکات!!. تەنها بیروبۆچوونی ئەو نەبێت کە لە بیرە نەوتەکاندایە!.

کام ئەزمە! ئەزمەی کارەباو نەوت؟ وەچ شێوازێك پێویستە؟ سیاسی دیپلۆماتی.. مەبەست لە ئەزمە (هەڵئاوسان) ی ئابووریە یان چی دی؟!!. هەڵوێستی سەرۆکی هەرێم لە ڕاگەیاندنەکاندا ڕاگەیەنرا و ڕوون و ئاشکرایە، بەتوندی پابەستە بە مەسەلەکەوە!لەکاتێکدا ئەو توێژینەوەو قسەی زانستی دەکات وە پێشگری د. لە پێش ناوەکەشیەتی! بۆیە کورد هەتا بێت بەرەو دواوە دەڕوات.. بەداخەوە کورد خاوەندی ئەو پێشگری دالانەیە بۆیە حاڵی بەو حاڵە دەڕوات. خەڵکی سادەش ئێرەییان پێ نابەن دەزانن ئەوانە کێن و چییان لە هەگبەکانیاندایە؟!!!

هەولێر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.